# دەستووری عێراق: هەموو ئازادین بەمەرجێک بخزێینە زیندانی شیعەوە

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

ئەو بیرکردنەوەیەی کە دەستووری عێراقی پێدارێژراوە، هەڵهاتووی چاخە نووتەکەکانە.

ئەم نووسراوە لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێی چەند مادەیەکی ئەو رەشنووسەی دەستووری عێراقە کە گرووپی شیعەی ناو حوکم دایانڕشتووە. (بڕوانە رۆژنامەی عەرەبزمانی عێراقی سەباح، 26 جولای 2005.) هەڵبەت دەزانم،لەو دەمەوە کە دارێژراوە، گۆڕانکاری لەم بیرکردنەوەیەدا بووە، بەلام بە گرنگی دەزانم کە لە چۆنێتی بیرکردنەوەی شیعەی هاوپەیمانی کورد تێبگەین بۆئەوەی بزانین کە چۆن رەوتاری لەتەکدا بکەین.

ئەو رەشنووسەی دەستووری عێراق نەک مافی کوردی زەوتکردووە و نکوڵی لە بوونی گەلی کورد و نیشتمانی کوردان – کوردستان – کردووە، بگرە هەموو عێراقیەکانی لە ساکارترین و سەرەتایترین ماف داماڵیووە. خۆ گەر ئەمە بیرکردنەوەی عەرەبی ناو حوکم بێت، جێی سەرسووڕمان نیە کە عێراق بووە بە مۆڵگەی ئیسلامی سیاسی.

ئەمە دەستوور نیە: هەرەسە. هەرەسی هێزی سیاسی–کۆمەلایەتی ناوچەکە و جیهانە. هەرەسی دیموکرسیخوازان و مرۆڤپەروەرانی ناوچەکەیە. هەرەسی سیاسەتی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا.

جا با بڕوانینە چەند کۆنسێپتێکی دەستوورەکە.

مادەی یەکەم عێراق دەکات بە کۆمارێکی ئیسلامی یەکگرتوو. عێراق نەدەبێت ئیسلامی بێت نەیەکگرتوو. لە مادەکانی تردا دەردەکەوێت کە ئەم یەکگرتنەی عێراق، مەبەست یەکگرتنی دوو گەل – کورد و عەرەب – دوو نیشتمان – خاکی عەرەبی عێراق و کوردستان – نیە، بەڵکو مەبەست پارچەنەکردنی عێراقە. ئەمەش دژی کۆنسێپتی فیدراڵیەکی کامڵە کە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی – یان خۆبەخشانەی – بەلانیکەمەوە دوو گەل و دوو نیشتمانە.

مادەی دووەم ئیسلام دەکات بە ئایدیۆلۆجی دەوڵەت، بە بنەچەی سەرچاوەی بەقانوونکردن و ناهێڵێت هیچ قانوونێک دابنرێت کە ناتەبا بێت لەگەڵ نەگۆڕ و بنەماکانی ئیسلامدا. بەمەش هەر کەسێک یان ئەتنێک گرووپێک موسڵمان نەبن، دەکەونە بە سەرکووترکردنی حکومەتێکی ئیسلامی. هەڵبەت ئیسلام لێرەدا مەبەست باوەڕی تایفەی شیعەیە. گەر عێراق دەخوازێت بچێتە ریزی گەلانی شارستانەوە، ئەوا دەبێت هەموو باوەڕەکان، بە ئیسلامیشەوە، وەکیەک بن لە بەرانبەر قانووندا. ئیسلام و بە ئیسلامبوون نابێت ببن بە پێوانەی هەموو باوەڕەکانی تر و هەر کەسێک یان هەر گرووپێک پێیان خستە ئەودیوو هێڵە کێشراوەکانی ئسیلامەوە، پێیان ببڕێتەوە. جا بۆیە دەستوور دەبێت ئاین لە سیاسەت جودا بێت.

مادەی سێیەم گەلی کورد پارچەپارچە دەکات. شەبەک و یەزیدی وەک دوو ئەتنیک گرووپی جودا لە کورد دەناسێنێت. هەڵبەت خۆ رەنگە لایەنی شیعە باوەڕی بەمە نەبێت، بەلام ئەمانە "تاکتیکی گفتووگۆکردنن". بەمەش لە پرۆسەی گفتووگۆکردندا شیعە واز لەم بەندە بێمانایانە دەهێنن، وای دەردەخەن کە سازشیان کردووە. لە بەرانبەر ئەمانەدا، هەوڵدەدەن کە کورد دەستبەرداری پرسە گرنگەکانی تر بن. بەکورتی شیعە دەیەوێت "گایەک بکرێت بە گوێزێک".

مادەی چوارەم زمانی عەرەبی دەکات بە زمانی فەرمی عێراق. زمانی کوردی، لەپاڵ زمانی فەرمی عێراقدا – کە عەرەبیە – دەکات بە زمانی هەرێمی کوردستان. ئەمجار بۆ بێنرخکردنی وڵاتی کوردان – کوردستان – و زمانی کوردی، دەنووسێت "هەموو هەرێمێک و ستانێک (پارێزگەیەک)" دەتوانن بە زمانێکی تر بپەیڤن، گەر زۆرینەیان لە ریفڕاندۆمێکدا بڕیاریان دا. ئەز نازانم چ "هەرێمێک و ستانێک" زۆرینەیان لە ئەتنیک گرووپێکی تر پێکهاتووە. خۆ گەر مەبەست کەرکووک بێت، هەم وەک ستان و هەم وەک هەرێمیش، کەرکووک هێندەی تورکمان تێدا نیە کە لە ریفڕاندۆمێکدا سەرکەوتووانە دەنگ بۆ زمانی تورکمانی بدەن. ئەم مادەیە هەم بۆ پێشێلکردنی مافی کوردە هەم بۆ دداننەنانە بە مافی ئەتنیک و گرووپەکانی عێراقدا، وەک تورکمان، ئاسووری و کلدان.

مادەی پێنجەم نەک تەنیا کوردی باشوور و باشووری کوردستان دەکات بە بەشێک لە جیهانی عەرەب، بەڵکو دەیانخاتە پاڵ جیهانی ئیسلامیشەوە. وشەی "جیهان" لە بری "نەتەوە" و "نیشنمان"ی عەرەب بەکاردەهێنێت بۆئەوەی هەموو عێراق ببەستێتەوە بە هەموو لایەنێکی عەرەب و ئیسلامەوە. کەواتە کورد نیشتمانێکی نیە نێوی کوردستان بێت، بەڵکو لە سەر نیشتمانێک میوانە کە بەشێکە لە نیشتنمانی عەرەب و ئیسلام. گەلێکیش نیە بە نێوی کورد، بەڵکو بەشێکە لە کلتوور، زمان، ئاین و رەوشتی عەرەب و ئیسلام. خۆ دیاریشە مەبەست لە "جیهانی ئیسلام" ئێرانە. ئەم مادەیە پشتگیری لە سەرکووتکردنی کورد دەکات لەلایەن هەردوو حکومەتی شیعەی عێراق و ئێرانەوە. بۆ نموونە، گەر کورد دژی حکومەتی ئێران راپەڕێت، ئەوا دژی "جیهانی ئیسلامە"، عێراق یان حکومەتی شیعە زەمینەی قانوونی دابین کردووە – کە کورد پەسەندی کردووە – گەلی خۆرهەڵاتی کوردستان سەرکوت بکات.

مادەی هەشتەم عێراق دەکات بە تاکە یەکەیەک بە خاک، گەل و سەروەریەوە. کەواتە عێراق دوو گەل و دوو نیشتمان نیە. دەبێت دەستووری عێراق ددان بە خاکی گەلی کورد – کوردستان – و گەلی کوردستاندا بنێت وەک دوو یەکەی جودا لە خاک و گەلی عەرەبی عێراق. دەنا گەر عێراق تاکە یەکەیە ، ئیدی فیدراڵی چیە. ئەمە تەنیا پێداگرتنە کە مادەکانی پێشتر.

مادەی پازدە مەرجەعیەتی ئایین سەربەخۆ دەکات و دەیخاتە سەر قانوونەوە. بەمەش دەرک بۆ ئەوە دەکرێتەوە گەر شیعە کارێکیان لەڕێی قانوون و پەڕلەمانەوە بۆ نەچووەسەر، ئەودەم بە پشتی فەتوای ئایەتوڵڵا پیادەی دەکەن.

مادەی شەشی دەروازەی دووەم بوێرانە هەموو ئازادیەک دەدات بە ئافرەت، بەمەرجێک ئەم ئازادیانە لە چێوەی شەریعەتدا بن. ئەمە وەک ئەوە وایە کە بگووترێت هەموو کەسێک ئازادە بەمەرجێک لە زینداندا بن.

مادەی دوو لە دەروازەی چوارەم بۆ بێنرخکردنی "هەرێمی کوردستان" و کێشەی کورد، کۆنسێپتی "هەرێم" سووک دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە "هەرێم" چیدی نیە، تەنیا یەکگرتنێکی دوو ستان (پارێزگە) یان پتر نەبێت. ئیدی باس لە تایبەتمەندێتی گەلی کورد و کوردستان ناکات. دەستوورەکە نانووسێت کە فاکتەری مێژوویی، کلتووری، زمانەوانی و جوگرافی هەن بۆ پشتگیری گەلی کورد و کوردستانی نیشتمانی. دەستوورەکە نانووسێت کە گەلی کورد بەشێکە لە گەلی کوردی دابەشکراو و بێبەشکراو، لە وڵاتی خۆیدا کوردستانی دانەپچراوە لە کوردستانێکی دابەشکراو دەژی بەر لە هەموو گەل و ئەتنیک گرووپەکانی ناوچەکە.

لە عێراقی ئەمڕۆدا، کورد بۆ مافەکانی خۆی مکوڕ نیە، بەڵکو بووە بە سەرەنێزەی دابینکردنی سکارترین و سەرەتایترین مافەکانی گرووپە ئەتنیکی و ئاینیەکانی ناو عێراق. کورد لە جەنگی کەمترین مافە بۆ خەڵکی عێراق نەک تەنیا کورد. ئایا کورد دەبێت ئەم جەنگە بکات؟ ئایا کورد ئەم جەنگە دەباتەوە؟ ئایا کورد پێویست دەکات شەڕی عەرەبێک بکات کە خۆی ئەو داواکاریانەی نیە کە کورد بۆی دەخوازێت ؟ هیچ هێزێکی سیاسی–کۆمەڵایەتی بەقەبارە و کاریگەری عەرەب پشتگیری لە داواکاریەکانی کورد ناکات. کورد کەوتووەتە جەنگێکەوە کە جەنگی خۆی نیە.

کورد جەنگی بەدیمکراتکردنی عێراق دەکات، کە ستراتیجی ئەمەریکا بوو، کەچی ئەمەریکا خۆی کوێرانە پشتگیری لە عێراقی عرووبە دەکات. ئەمەریکا و ئینگلیز لە چاوی توورک و عەرەبەوە لە کورد دەڕوانن، کە ئەمیش لە لەنێوبردی کورد و کوردستان تێناپەڕێت.

ئەو رەشنووسی دەستوورەی کە لایەنی شیعە پێشنیاریان کردووە، لە هەموو بنەمایەکی هاوچەرخ و شارستانی بەدوورە. ساکارترین و سەرەتایترین مافی مرۆڤ، نەک کوردی، پێشێلکردووە. بە بیرکردنەوەی چاخە تاریکەکانەوە نووسراوە بۆیە ناکرێت گفتووگۆی لەسەر بکرێت، خۆ گەر ئامانج بژارکردنی رەشنووسەکە بێت، ئەوا کورد دەکەوێتە جەنگی "جوداکردنەوەی کا لە پووش".

گەلی کوردستان تەنیا یەک رێچارەیان لەبەردەمدایە: دەنگنەدانە بۆ دەستووری شیعە.

---

**سەرنجەکان**:

**سەرچاوە:** هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە 237، 17 ئۆگەستی 2005، سلێمانی،

http://www.hawlati.com/archive/year2005/issue237/2001-237_15.pdf

**رەشنووسی دەستوورە پێشنیارکراوەکەی گردبوونەوەی شیعە:** رۆژنامەی عەرەبزمانی عێراقی سەباح، 26 جوڵای 2005

**پەیوەندیەکان:** rebwar@ikurd.com

**نووسەر:** دارێکتەری KurdishMedia.com